## لاپەڕەی ڕامانی ئازاد

# ڕووناکبیر، دەستەڵات، گەندەڵی

ڕێناس جاف

ورووژاندنی هەر پرسێکی نێو کۆمەڵگەی ئینسانی، بێگومان پێویستی بە پێناسەی زانستی هەمان پرسو بابەتەوە هەیە. ڕووناکبیر کێیەو پێوەرەکان بۆ مرۆڤی ڕووناکبیر کامانەن؟ سەرەتاییترین پرسیار لەو بەستێنەدا دێنە ئەژمار. بێ بە دەستەوەدانی پێناسەیەکی ڕوون لەڕووناکبیر، هیچ نووسینێ بە ئەنجامێکی ئەوتۆمان ناگەیەنێت. لەسەر ئەم پرسە گرینگە، لێکۆڵینەوەی بەرفرەی زانستی ئەنجامی گرتووەو وتارو نووسین لەو پێوەندییەدا فرەو فرەوانن. ئەوەی بیهەوێ ڕوونترو باشتر لەحەقیقەتی ئەو پرسە بگات، پێویستە سەرێك بکێشێتە نێو کتێبخانان هەتا ژیرانەتر بەرەو پیری پرسەکە بچێ، بەڵام گەلێ ڕوونە ڕووناکبیر ئەو کەسەیە هەموو دەم هەوڵیەتی ڕەوشی نێو کۆمەڵگەکەی بەرەو دۆخێکی کراوەترو ئاوەڵاتر ببات و ئامادەیە لەو پێناوەدا قوربانی بدات. ڕووناکبیر بەو کەسە دەگوترێ هەمیشە چەن هەنگاوێ لەپێشەوەی جەماوەرەوە بێت. کەسێکە قەت ناچێتە ژێر باری دۆخی نەگۆڕی نێو کۆمەڵگەکەی و خاوەنی هزرو ئەندێشەییەکی سەربەخۆیەو هیچ کات بۆ هیچ دەستەڵاتو حکومەتێك، لینیو دەستەمۆ نابێتو مل بۆ هیچ دەستەڵاتو سیستەمێکی ناشەرعی (نایاسایی) کەچ ناکات.

دیاریکردنی سنووری نێوان ڕووناکبیرو دەستەڵات لەسیستەمەکانی دیمۆکراتیكو نادیمۆکراتیکدا، زۆر جیاوازە. لەسیستەمی دیمۆکراتییانەدا لەحەقیقەتدا ئەوە ڕووناکبیرە، دەستەڵات لەڕای گشتییەوە نێزیک تر دەکاتەوە، یان بە واتاییەکی دروستر ئەوە ڕووناکبیرە هەڵسوڕێنەری چەرخی دەستەڵاتەو ئەوە هێڵەسەرەکییەکانی سیاسەتی دەوڵەتان دیاری دەکات، کەچی لەسیستەمەکانی نادیمۆکراتیکدا ئەوە دەستەڵاتە، ڕووناکبیر وەك دارەدەستێ بۆ قازانجو بەرژەوەندی خۆ دەکار دێنێو چەکێکە بۆ ڕۆژانی تەنگانە کە دەستەڵات بۆ خاپاندنی ڕای گشتی پەنای بۆ دەبات.

هەتا ئێرە بە شێوەییەکی سەرپێی ئاوڕ لەپرسەکە درایەوە، بەڵام گەر هەمان پرس لەنێو دەزگەی دەستەڵاتی کوردیدا شرۆڤە بکەین، چەندین لقو پۆی لێ دەبێتەوەو سەری گلۆڵەکە درێژترو ئاڵۆزتر دەنوێنێ.

هۆو ئەگەرەکانی ئەو پرسەش وەبزانم لای هەمووان ڕوون بێت.

یەکەم: کورد هێشتا خاوەنی کیانو دەوڵەتو دەزگەییەکی حکومەتی سەربەخۆنییە.

دووەم: کۆمەڵگەی کوردیش، کۆمەڵگەییەکی ڕۆژهەڵاتییەو هێشتا بەدەس سەرتاییترین دەردەکانی نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتەوە دەناڵێنێو هێشتا دەگەڵ هەموو پرێسك، هەڵسو کەوتێکی تەواو نەریتییانە دەکرێ.

سەرباری ئەوانە، کورد لەباشووری کوردستان ساڵانێکی زۆرە بۆ وەدەس خستنی مافە سەرەتاییەکانی گەلەکەی خەبات دەکاو قوربانی فرەشی لەو پێناوەدا داوە. خاپوورکرانی نزیکەی پێنج هەزار گوند، چەندین جار تووشبوون بە ئەنفالی بەدناو، کیمیاباران، ئاوارەیی پەیتا پەیتا، پاکتاوی ڕەگەزیو شەهیدبوونی هەزاران ڕۆڵەی نەبەزی ئەم گەلە، لەزەقترین نموونەکان لەو بەستێنەدا دێنە ئەژمار، بەڵام دوابەدوای ئەو گۆڕانکارییەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە خۆیەوە بینیو پێی وڵاتانی خودان دەستەڵاتی جیهان بەو ناوچە کرایەوە، کوردیش هەلێکی زێڕینی دەسکەوت، کاراتر خۆ لەشانۆو

## ئەوە ڕووناکبیرە دەستەڵات لەڕای گشتیی نێزیك تر دەکاتەوە، یان بە واتاییەکی دروستر ئەوە ڕووناکبیرە کە هەڵسوڕێنەری چەرخی دەستەڵاتە

گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا دەربخات. دەرەنجامی هاریکاری کوردی باشووری کوردستان دەگەڵ هێزی هاوپەیمانان، بەختەوەرانە سێبەری ڕەشی دیکتاتۆری خوێنمژی سەردەمی، سەددامی، لەسەر ئەوان هەڵگرتو کورد جارێکی دی توانی پاش شێخی نەمرو پێشەوای هەمیشە زیندوو، حوکم بگرێتەوە دەس. ١٤ _١٥ ساڵ دەستەڵاتی سەربەخۆ بۆ کوردی باشووری کوردستان یان بە واتاییەکی دروستر بۆ پارتە سەرەکییەکانی کوردی ئەوێندەرێ، هەلی وای ڕەخساند کورد دیپلۆماسییەتی خۆی تاقی بکاتەوە، بەڵام ئایا دەستەڵاتی کوردی ئەو دەورەی بە ڕووناکبیری خۆ داوە، بەدەستو بردبێتە مەیدانەوە؟! ئایا ڕوناکبیری کورد توانیویەتی لەدوو هەرێمەکەی کوردستانی باشووردا دەور ببینێ؟! دەزگەی دەستەڵاتی هەردوو ئیدارەی کوردی هەتا چەند وەرگری ڕووناکبیری ئەودەر لەبازنەی حیزبی بوونە؟! ئەو کەشە ئازادەی ڕووناکبیر بۆ دەوربینین پێویستی پێیەتی هەتا چەند بۆی هەموار کراوە؟! ئایا سیاسەتی تەسکی حیزبیگەری دەرفەتی بە ڕووناکبیری کورد داوە، پلانو گەڵاڵەی خۆ بۆ بەرەو پێشەوەربردنی کۆمەڵگەی کوردی، جێبەجێ بکات؟! ئایا ئەودەر لەچوارەچێوەی چالاکی حیزبی، سەنتەرێکی ڕووناکبیری کوردی توانیویەتی سەر هەڵبدات؟!

ورووژاندنی ئەو چەن پرسیارەو سەدان پرسیاری دی لەو پێوەندییەدا، پێوەندی ڕاستینەی نێوان ڕووناکبیرو دەستەڵاتمان لا ڕوون دەکاتەوە، لەو لاشەوە وەرامی هەرکامە لەو پرسیارانە دیارە پێویستی بە وردبوونەوەییەکی زێتر هەیە. لێ لای هەمووان ڕوونە، قۆرخ کردنی هەموو ئیمتیازو مافێك بۆ خۆ لەلایەن دوو پارتی سەرەکی باشووری کوردستانەوەو گلێکردنەوەی ژمارەیەک ڕووناکیر بەدەوری خۆدا، بێگومان پەتاییەکی کوشندەیە بۆ گیانی کۆمەڵو بەرتەسك کردنەوەی بازنەی ڕووناکبیری لێ دەکەوێتەوە. دیارە ئەو سیاسەتە چەوتە هەتا دێ پتر کەلێن دەخاتە نێوان ئەو پارتانەو جەماوەرەوە. ئەو دەستەڵاتەی شەرعییەتی خۆی لەهەمان جەماوەرەوە وەرگرتووە، چلۆنە ئەوڕۆکە لەبەر قازانجی حیزبی خۆ، پشت دەکاتە خواستە ڕەواکانی جەماوەری؟!.

لەسەردەمێکدا بەناوبانگە بە سەردەمی زانیاریو بە چرکەو بەسات، هەموو هەواڵو دەنگوباسێك هەتا بە دوورە دەسترین ناوچەکانی دەچێ، بۆ دەبێ دەزگەی دەستەڵاتی کوردی خۆ لەگێلی بداتو تەنیا هەر خۆ سەرقاڵی دەڤەرو ناوچەییەکی بەرتەسك بکات؟! کێن ئەوانەی پلان داڕێژی سیاسەتەکانی دوو ئیدارەکەی کوردین؟!.

ئەوەی وردە زانیارییەکی لەسەر سیستەمی ئیداری نێو دونیای ڕۆژهەڵات بێت، چاك دەزانێت زۆربەی ئەو سیستەمانە گیرۆدەی دەس بۆرۆکراسیو گەندەڵین. فەسادو گەندەڵی هەتا بەوێ دزەی کردۆتە نێو هەموو سازیو ئیدارەو سەنتەرێکی دەوڵەتیو بەشی کەرتی تایبەتییەوە کە پاك کردنەوەی بە ڕاستی زەحمەتەو پێویستی بەکارو هەوڵی بنچینەییەوە هەیە، ئەو بەستێنەش بێگومان ڕووناکبیری نێو ئەو کۆمەڵگەیانە ئامادەی دەکات، کەچی بەداخەوە چینی ڕووناکبیر تەنێ نووزەییەکی لێوەدێو زۆربەشیان ئالوودەی دەس دەزگەی دەستەڵاتن. ئەم دەردە کارییە دەزگەی دەستەڵاتی کوردیش بە هەردوو ئیدارەکەیەوە دەگرێتەوە. بۆ نموونە چەندێ لەو دەنگە سەربەخۆیانەی، ساڵەهای ساڵ هاواریان بۆ گەل بەرز دەکردەوەو لەدووی هێنانەدی مافە ڕەواکانی گەلەکەیان بوون، هەنووکە دەستەڵاتۆچکەکەی کوردی وای خاپاندوون، پشتیان کردۆتە هەموو خواستەکانی جەماوەر، ئەگینا ڕووناکبیرو پسپۆڕو شارەزاییەکی کورد کوانێ لەدەستی دێ بە تەنێ هەڵسوڕێنەری شەش _ حەوت سەنتەرو دەزگەی چاندیو ئەدەبیو مێدیایی بێتو مەخابن لەو بەستێنەدا بە قەومە قەومالێ (خزمە خزمانێ) زێترین زەبری کاری لەداڕشتنی کۆمەڵگەکەی بداتو بە دەکارگرتنو دانانو دامەزراندنی کەسانی ناکارامەو هیچ نەزانو گەمژە، نەهامەتی فرەتر بکاتە بەشی جەماوەر؟! ئایا ئەمەیە دەستەکەوتەکانی عومرێك خەبات؟! ئەو بەرەی دوێنێی کوردی نەبینیوەو تەنێ ئاگای لەحەماسەو ئازایەتیو قارەمانییەتی پێشمەرگەی گەلەکەیەتی، بە بینینو دیتنی ڕەوشی هەنووکەی نێو جڤاكو کۆمەڵگەکەی، دەبێ هەتا چەند بە داوڕۆژی گەشبین بێت؟!.

تا کاتێ دەستەڵاتی کوردی هەوڵی لابردنی ئەو دیوارە بڵێندەبێ متمانەیی نێوان خۆیو جەماوەر نەدات، بە ئەرخەیانییەوە ئەم بارە لارە قەت بە مەنزڵگەی خۆ ناگاتو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش مەودای نێوان چینو توێژەکانی کۆمەڵ زێتر دەبێت. ئەی ئەو ڕەوشە ئاڵۆزە چلۆن چارەسەر دەکرێ؟.

تا کاتێ سەرچاوە لێڵ بێت، دیارە هیچ هەوڵێك هیچ دەرەنجامێکی نابێت. سەرکردایەتی ئەمڕۆی کورد دەبێ بەچاوێکی یەکسانەوە سەیری هەموو تاکێکی کورد بکاتو واز لەبیرۆکەی خێڵەکی زەرەرمەند بەحاڵی کۆمەڵگەکەی بێنێ، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆکە هەموومان بەچاوی خۆ دەیبینین، ڕاست بەپێچەوانەی ئەو پرسەیەو هێشتا کاروباری هەموو دەزگەو سەنتەرێکی نێو کۆمەڵگە بە کۆنترین شێوە بەڕێوە دەبردرێ. دەستەڵاتدارانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان، دەبێ ئیمان بەو خاڵە گرینگە بێنن، کورد سەردەمی خەباتی شاخی وەپشت سەرناوەو ئەوەی ئەمڕۆکە پێویستی پێیەتی مرۆڤی ژیهاتیو لەکارزانو پسپۆڕو شارەزای نێو دەزگەو سەنتەرەکانی ئیدارییە. شوکر هەتا حەز بکەی بۆ هەموو بەشێکیش، لێزانو پسپۆڕمان هەیە، لێ دەبێ بەستێن خۆش بکرێ ئەو هەموو کوردە شارەزاو لەکارزانە بگەڕێتەوە بۆ کوردستانەکەیو زێترین هەوڵی بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەکەی دەکاربێنێ. وەبزانم سەتی ٩٩ی ئەوانیش ئامادەن لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی پێشکەوتنی گەلەکەیاندا بەدەستو برد خەبات بکەنو تێکۆشن، بەو مەرجەی سەرچاوەکانی گەندەڵی، ڕەوتاری عەشیرەتیو خێڵەکییانە، ویشکانییان بێتو کوردو دەزگەی دەستەڵاتەکەی بە بیری ئەمڕۆییەوە سەیری دونیا بکاتو خۆ لەگێژاوی نەریتیگەری دەرباز بکاتو بەناخی زانستو ئەقڵانییەتدا ڕۆچێ.

# گەندەڵییەکانی دەسەڵاتی کوردی لەنێوان بەرنامە ڕێژیو هەڕەمەکیدا

پارێزەر ڕەفعەت هەڵە بجەیی

ترس لەگەندەڵی لەخودی گەندەڵییەکەدا نیە، چونکە گەندەڵی (الفساد) دیاردەیەکی جیهانیەو ئافاتێکە تووشی هەموو سیستەمو دەسەڵاتەکانی دونیا لەیەکێك لەقۆناغەکانی دەسەڵاتدا دێت، بەڵام ئەوەی کە مەترسیدارەو جێگەی گومانە جۆری گەندەڵییەکەیە. کە ئەویش دوو جۆرە.

یەکەم: گەندەڵی هەڕەمەکی (الفساد العشوائی).

ئەم جۆرە گەندەڵییە مەترسیدارنیەو چارەسەری ئاسانەو لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە.

ا- دەسەڵات بە گشتی چ حیزب یان حکومەت بەشدار نیە تیایداو بەڵکو چەند بەرپرسێك لەحیزب یان حکومەت گەندەڵ دەبنو لەلایەن دەسەڵاتی باڵاوەو بە پێی یاسا تۆمەت بار دەکرێنو دوور دەخرێنەوە لەسەر کار بەو پێیە گەندەڵییەکە چارەسەر دەکرێت.

ب- گەندەڵییەکە تەمەنی کورت دەبێت، چونکە لەگەڵ سەرهەڵدانی پێی دەپرسێتەوەو چارەسەر دەکرێت.

ج- لەم جۆرە گەندەڵییەدا زیاتر گەندەڵی دارایی ڕوودەدات ئەویش لەڕێگەی دزینی پارەو وەرگرتنی بەرتیلەوە دەبێت.

دووەم: گەندەڵی بەبەرنامە

گەندەڵی بەبەرنامە ئەو جۆرە گەندەڵییەیە کە دەبێتە بەشێك لەستراتیژیەتی دەسەڵات یاخود حیزبی دەسەڵاتدار ئەم جۆرە گەندەڵییە لەترسناکەکانەو هیچ بوارێکی چارەسەر کردنی نیە لەبەر ئەم چەند هۆیەی خوارەوە.

ا- گەندەڵی هەموو هەیکەلی دەسەڵاتو حیزب دەگرێتەوە لەبوارەکانی سیاسیو ئیداریو ئابووریو کۆمەڵایەتی.

ب- هەر ریفۆرم کردنێك لەم جۆرە گەندەڵیانەدا دەبێت بنەڕەتی بێتو کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەگۆڕانی ستراتیژی حیزبو دەسەڵات

ج- ئەم جۆرە گەندەڵییە زیاتر لەسیستەمە دکتاتۆریەکاندا هەیەو هەر چاکسازی کردنێك لەو بوارانەی سەرەوە کە ناومان بردن هەنگاونانە بەرەو دیموکراتی بوون. کە ئەمەش پێچەوانەی خواستی دەسەڵاتە، گەندەڵییەکانی دەسەڵاتی کوردی کە لە ١٩٩٢/٥/١٩ دەستی پێکردووە کە یەکەم ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە هەرلەو ڕۆژەوە هەردوو دەسەڵات چ بەیەکەوە بووبن یان بە ئیدارەی جیا هەوڵیان داوە بۆ گەندەڵ کردنی کۆمەڵگای کوردی گەندەڵی سیاسیو ئیداریو ئابووری بەشێك بوون لەستراتیژی ئەو دوو ئیدارەیە، بەڵام بە ڕێژەیەکی جیاواز. من وەکو کوردێك کە خۆم بەقەرزار ئەزانم لەئاست خوێنی شەهیدانو ئەنفالو کیمیابارانی گەلەکەم وە هەروەها وەکو مرۆڤێکی بەویژدان بەرامبەر بەمافی تێکۆشەرانو هەژارانو ستەمدیدەی میللەتەکەم. بەبێ ترسو سڵەمینەوە لەدەسەڵات، باسی گەندەڵییەکانیان



دەکەم، چونکە هەموو ڕۆشنبیرانو خاوەن ویژدانەکانی جەماوەری کورد، ئەگەر چاوشۆری دەسەڵاتو منەتیان پێ نەبێت لەهیچ هێزێكو لەهیچ پیلانێکی ئەوان ناترسنو بەبێ هیچ دودڵییەك پەردە لەسەر تاوانو گەندەڵییەکانیان هەڵ دەماڵن.

لەدروست بوونی یەکەم حکومەتی کوردیەوە لەساڵی ١٩٩٢ وە هەتاکو ئەمڕۆ گەندەڵیە سیاسیو ئیداریو داراییەکان بەسەریەکدا کەڵەکە ئەبنو ڕۆژبەڕۆژ لەزیاد بوندان. بەجۆرێك تەنانەت سەرکردەکانی کورد زۆر بەناچاریو شێلگیرانە جاروبار لەمیدیاکاندا بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دان بەو ڕاستیەدا دەنێن کە گەندەڵی هەیە، بەڵام هەرگیز هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی نادەن.

کە ئەوە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گەندەڵییەکانیان بەرنامە بۆ داڕێژراوەو دیاردەیەکی هەروا هەڕەمەکی نین (العشوائی) بە بۆچوونی من هەر لەچاکسازیەك لەکۆمەڵگای کوردیدا چ لەلایەن حیزبەکانەوە بێت یاخود حکومەتو ئیدارەکانەوە بێت، دەبێت بنەڕەتی بێتو چاکسازیەکی ستراتیژی بێت بەواتایەکی تر دەبێت بنیاتی (مۆسساتی) سیاسیو شارستانی خزمەتگوزاری بنێن. کە ئەوەش تەنیا لەکۆمەڵگای دیموکراسیدا بانگەشەی بۆ دەکرێت. دوورە لەدەسەڵاتو حوکمڕانی خێڵو عەشرەتو قەبیلە، کەوات هەر چاکسازیەك لەدەسەڵاتی کوردیدا بکرێت بانگەوازە بۆنەمانی خۆیان، چونکە ئەوان هەرگیز ناتوانن مامەڵە لەگەڵ سیستەمی دیموکراسیدا بکەن، بەپێچەوانەی گەندەڵییەکانو چارەسەرنەکردنیان تەنیا گرەنتیەکە بۆ مانەوەو تەمەن درێژی دەسەڵاتی ئەوان، تەنیا بۆ نموونەو ڕاستی بۆ دروستی بۆچوونەکانم ئیشارەت بەیەك بوار دەدەم، کە ئەگەر چاکسازی تێدا بکرێت چ کاریگەریەکی دەبێت بۆ سەر دەسەڵاتو چۆن کۆمەڵگا شارستانی دەبێتو بەرەو پێشەوە دەچێت، ئەگەر بێتو تەنیا گەندەڵی سیاسی لەکوردستاندا چاکسازی تێدا بکەین، بەم شێوەیە دەردەچێت.

خێراو بەزووترین کاتو بەبێ هیچ مەرجێك گەلی کورد داواکاری ئەوەیە کە هەردوو ئیدارە ببن بەیەك لەماوەی ٦ مانگدا هەڵبژاردن بکرێتو حیزبی براوە حکومەت پێکبهێنێت بۆ ماوەی چوار ساڵ، لەجیاتی دەزگا حیزبیەکان دەزگا مەدەنیو شارستانیەکان دروست بکرێنو جیاواز بەچینایەتیەکان لەبەین ببرێن. زیندانە سیاسیەکان بەر بدرێنو هیچ کەسێك لەسەر بیروڕای سیاسی ئەشکەنجەو زیندانی نەکرێت. سەروەتو سامانی جەماوەر لەژێر چنگی حیزب دەربهێنرێتو بخرێتە خەزێنەی حکومەتەوە. هەرچی زووترە ئاسایش و نەتەوەی کورد پێکبهێنرێتو بەرزترین دەسەڵاتو مەرجەعی گەلو جەماوەرو دەسەڵات بێت بەتایبەتی لەمەسەلە چارەنووس سازەکاندا ئەمە چەند خاڵێکی چاکسازی بوو لەبواری سیاسیدا، کە لەجیاتی حیزبو خێل سەرچاوەی دەسەڵات بێت جەماوەر دەبێتە خاوەنی سیادەو دەسەڵات.

ئایا حیزبە کوردیەکان ڕازی دەبن بەم جۆرە چاکسازیە؟ ئایا ڕازی دەبن خۆیان مەلیکی موتلەق نەبن؟ ئایا ڕازی دەبن سەروەتو سامانی میللەت بۆ گەلو جەماوەر خەرج بکرێت؟ ئایا ڕازی دەبن یەکتری قەبوڵ بکەن بۆ سەرفرازی گەلو جەماوەر؟ ئایا ڕازی دەبن کە سندوقی دەنگدان ناوەندی بڕیاردەربێت، بۆ وەرگرتنی دەسەڵات؟ ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری تر کە بەچەندین ووتار کۆتاییان نایەت. وەڵامیان ئەوەیە نەخێر، چونکە حیزبە دسەلاتدارەکانی کورد هیچ ستراتیژێکی نەتەوەییان نیە، بۆ خزمەتی گەلەکەیانو زیاتر لەکۆمپانیایەکی چەموش دەچن کە هەموو ئامانجێکیان بەدەست هێنانی سەرمایەو دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی کۆمەڵگەی کوردیە بەو شێوەیەی کە ئەوان نەیانەوێت نەوەك بەو شێوەیەی کە گەلو جەماوەر ئەیانەوێت.

rafathallbjaey@hotmail.com